لە بیست و سێیەمینساڵیادی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا



ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ پاش ڕاپەڕینەکەی ئایاری ١٩٨٧ی هەڵەبجە، یەکەمین هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بوو بە خۆڕاپساندن لە پاشکۆیی پارتەکان و بزووتنەوەی چەکداری شکستخواردووی ئەو دیو سنووردکان؛ بەرهەمی هێزی یەکگرتووی جەماوەر بوو لە دەرەوەی قاڵبسازی ڕامیاریی پارتەکان، کە نزیکەی چوار دەهە بوو، جەماوەریان بەسەر دەستە و گروپی دژ بەیەکدا دابەشاندبوو و لە جەنگێکی بەردەوامی چەند دەهەدا سەدان و هەزاران ڕۆڵەی کرێکار و زەحمەتکێشیان تێدا بەکوشتدابوو.

بزووتنەوەی شوراییی بەرهەمی بەرهەمی ئەو خۆڕاپسکاندنە شۆڕشگێڕانەیە بوو، بەرهەمی بڕوابوون بوو بە هێزی یەکگرتووی خودی جەماوەر و سەربەخۆیی لە لایەنە ڕامیارییەکان، ئەزموونگیریی بوو لە شکستەکانی پێشوو، کە بەرهەمی ناسازگاریی بزووتنەوەی چەکداری بوون لەتەك داخوازی و ئامانجەکانی جەماوەری شۆڕشگێڕ.

بۆ ئەوەی نەیاریی پارتەکان و بزووتنەوەی چەکداری لەتەك ڕاپەڕین و سەربەخۆیی جەماوەر و کۆرپەلەکەی ڕاپەڕین [بزووتنەوەی شوراییی] دەرکبکەین، پێویستە سەرنجی یەکەمین هەنگاوەکانی پارتەکانی بەرەی کوردستانی و لەشکری بزووتنەوەی چەکداری پەناگرتوو لە ئوردووگەکانی ئێران و گەڕانەوەی پاش ڕزگارکردنی شارەکان لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە؛ بدەین ؛

- لە ژێر پەردەی لێبووردنی گشتیدا، چەکدارانی خۆفرۆش، ئەنفالکەر، جەماوەرکوژ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە کرانە چەکداری شۆڕشگێڕ و تاوانباران داڵدەدران ...

- هاوکاتی داڵدەدانی پیاوانی سیخور و چەکدارانی ڕژێم، دەستکردنی ڕێکخستن و دەستە تیرۆریستەکانی پارتەکانی بەرەی کوردستانی بە ڕەشەکوژی ژنان بەبیانووی سیخوڕی و ناموسپەرستی نەتەوەیی، ڕەشەکوژییەك کە تا ئەم ڕۆژەش هەر بەردەوامە ...

- تاڵانیکردن و ئاودیوکردنی ئامێر و کارگە و هەموو شتێکی ئەو هەرێمە بەتایبەت لە شاری کەرکووك ....

- گفتوگۆی ژێرەکی لەتەك ڕژێمی بەعس بۆ لێدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و پاشەکشێکردن بە ڕێکخستنی شورایی جەماوەر ....

- هەڕەشەکردن لە بزووتنەوەی شورایی و پەلاماردان و هێزنواندنی پارتەکانی بەرەی کوردستانی بەتایبەت چەکدارەکانی (ینك) لە سلێمانیدا و دژایەتی بەردەوام لە ڕاگەیاندنەوە دژی شوراکان ...

- ڕێکخستنی کۆڕەو و چۆڵکردنی شارەکان پێش ئەوەی لەشکری ڕژێم بگەڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوان گفتوگۆی ژێرەکییان هەبوو، تەنیا هێزێك کە دژی گەڕانەوەی لەشکری بەعس بەرگریی کرد، دەستە چەکدارەکانی شوراکان بوون ...

- ئاشکراکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و ڕژێم پاش کۆڕە و تێکشکاندنی ڕیزەکانی جەماوەر و شوراکان ... پێکهێنانی لێژنەکانی سەرپەرشتی و ڕێککەوتن "تنسیق" لەنێوان چەکدارانی بەرەی کوردستانی و لەشکری رأیمی بەعسدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی حکومەت .. تا ڕاپەرینەوەی دووەم.

لەبەرئەوە، تێکشکاندنی ڕاپەڕینی جەماوەریی لە کوردستان و لە عێراق پێداویستی گێڕانەوەی سەروەریی بەعس لە باشوور و پاشەکشێ بە بزووتنەوەی شورایی و سەپاندنی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بوو لە باکوور بە کۆمەکی هێرشی بەعس و دارشتنی پیلانی کۆڕەو بوو لە بەردەوامی گفتوگۆکەدا ...

ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، بزووتنی سەربەخۆی جەماوەر بوو بۆ ڕزگاری لە داگیرکەر و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئەوی پاش تێکشکانی ئەو ڕاپەڕینە هاتەکایەوە، بەرهەمی شکستی بزووتنەوەی شورایی بوو، بە دەسەڵاتگەیشتنی دژەشۆڕش

[بۆرجوازی کورد] بوو، کە تا ئێستاش بەردەوامە و کۆمەڵگەی کردووەتە مەیدانی تەڕاتێنی کۆمپانییە جیهانخۆردکان و بەمەشتی مشەخۆریی بۆ ڕامیاران .

کاتێك کە جەماوەری ژێردەستی بۆرجوازی کورد لە ساڵانی پاش ڕاپەڕین و جەنگی نێوخۆیی دەسەڵاتداراندا چۆکدانادات و جارێکی دیکە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان دێنەوە مەیدان و خەباتی جەماوەریی پەرەدەسێنێت، دەسەڵاتدارانی کوردستان و ڕامیاران بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی دەسەڵاتدارانی پێش خۆیان و بە دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی دژەشۆرشییەکەی پاش ڕاپەڕین، ئەو جار باڵێکی نێو دەسەڵات دەکەنە ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری ناڕازی پێفریودەدەن و لە ڕێگەی ئەوەوە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات بەرەو شکست دەبەن و دەستەمۆدەکەن.

هەر ئاوا کە دژەشۆڕش لەسەر پیلانگێڕان و لێ.ان لە جەماوەر بەردەوامە، هەر ئاواش کاردانەوەی جەماوەر و هێزی ڕاپەڕین و شۆڕشیش لە هێزگرتندا دەبێت. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە جەماوەر بەبێ پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و بەبێ یەکخستنی هێزی کۆمەڵایەتی شۆڕش ڕاپەڕێتەوە، وەك ئەوەی کۆمەڵێك ڕامیار و چەپ لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتدا ویستیان بە زۆردارەکی و بەبێ زەمینە و ئامادەیی و هوشیاریی هەڵیخرێنن، ئەگەرچی توانانی ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێستایشی هەبێت، بەڵام بێجگە لە گۆڕینی دەسەڵاتدارێك بە دەسەڵاتدارێکی دیکە، هیچی دیکە ئەنجامنادات. لەبەرئەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، گروپە خۆجییەکانی گەڕەکەکان [ئەنجومەن، شورا، هەرەوەزیی و خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتی]، کۆمیتەکانی بەڕێوەبردنی کارخانەکان و ڕمانگەکان و خوێندنگەکان، مەرجی دووبارەنەبوونەوەی شکستەکان و کەموکوڕییەکان و پێداویستی بەردەوامی شۆڕش و سەرکەوتنی ڕاپەڕینن؛ ئەمانەش کاتێك دێنەدی، کە تاکی ژێردەست بەوە هوشیاربێتەوە، کە بەخۆی بیربکاتەوە، بەخۆی بڕیاربدات، بەخۆی جێبەجێبکات، هەموو پێکهاتە قووچکەییکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن وەلابنێت و خۆی لە پاشکۆیی ڕامیاران و پارتەکان ڕاپسێنێت و خۆبەڕیوەبەریی کارگە و فەرم ە و خوێندنگە و گوند و گەڕەك و شار و ناوچە و هەرێمەکان بەپێی میکانیزمەکانی .یمۆکراسی ڕاستەوخۆ پێکبهێنێت و لەسەر بنەمای فیدراڵییە ئاسۆییە یەکگرتووەکان لە کۆنفیدراڵە سەرتاسەرییەکاندا ڕێکیانبخاتەوە.

سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان

٦ی ئازاری ٢٠١٤

https://fbcdn-sphotos-e-a.akamaihd.net/hphotos-ak-prn2/t1/q71/s720x720/1240560_1429723743936997_1968797263_n.jpg